کاندیدێکی پەرلەمان لەسەر لیستی هەڵوێست لە پێنجوێن فڕێندراوە و ئازاری جەستەیی دراوە

ئەمڕۆ هەینی، ڕەوتی هەڵوێست ڕایگەیاند، بەداخەوە ئێستا ئاگادار کراینەوە کە کاندیدی ئێمە مامۆستا (عەزیز بلکیان) ژمارە 11 لە بازنەی سلێمانی ڕەوتی هەڵوێست لە بەیانی زووی ئەمڕۆوە فڕێندراوە و کەسوکاری ئاگاداریان کردوین ئازاری جەستەیی دراوە و ڤیدیۆیەکی زۆرەملێ پێ کراوە،

لەڕووی سەلامەتی ژیانی مامۆستا عەزیز ئەخەینە سەر دەزگاکانی حکومەت و دەسەڵاتی پێنجوین وە لە ڕێگای یاسایی شکاتی خۆمان لە کۆمسیۆنی بالای هەڵبژاردن تۆمار ئەکەین، با سندوقەکانی دەنگدان و دەرئەنجامی ململانێی ڕەوا بیت نەک ئەم هەڵسوکەوتەی کە زەمەنی بەسەر چووە.